# حوکمی ڕەخنەگرتن لەو حوکمە شەرعیانەی کە خوای گەورە دایناون

[ كردي – کوردی – kurdish ]

شێخ موحەمەد صاڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم الاعتراض على الأحكام الشرعية التي شرعها الله

« باللغة الكردية »


الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوکمی ڕەخنەگرتن لەو حوکمە شەرعیانەی کە خوای گەورە دایناون

ئـەم پرسیـاره ئـاڕاستـەی مالْپـەڕی ئـیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : کـەسێك ئـە لێت : هـەندێك لـە ئـەحکامـە شـەرعیـەکان پێویستیـان بـەوە هـەیـە پێداچوونـەوەیان بۆ بکرێت، وە پێویستـە هـەندێکیـان هـە موار بکرێنـە وە، چونکـە لـەگـەڵ ئـە م سـە ردەمـەدا نـاگونجێت، بۆ نموونـە وەك میرات نێرینـە یـەك بـە رامبـەر دوو مێینـەیـە، ئـایا حوکمـی شـە رعی ئـەم جۆره کـەسانـە چیـە کـە ئـەم قسانـە دەکـەن .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خ وای گـە وره ومیـهرەبان، وە درود و صـە ڵات وسـەلام لـە سـەر محمد المصطفى وئـال وبـە یت ویار ویاوه رانـی هـەتا هـەتایـە .

پێویستـە ئـەوە بزانرێت یـە کێك لـە بنـەماکانـی ئیمان وباوە ڕ ئـەوەیـە لـەکاتـی کێشـە و گیروگرفتـەکاندا حوکمـەکانمان ببینـەوە بۆ لای خوای گـەوره وپێغـەمبـەرەکـەی ( صلـى اللـه علـيه وسلم ) و

تەسلیمیش ببین بە حوکمەکانیان، و ڕازیش بین پێی، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ [ النساء : ٥٩]

واتا : ئەگەر لە شتێکدا بوو بە کێشەتان دە ربارەی حوکمی خوایی، ئە وە ئەو کێشە یە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) (کە قورئان و سوننە ت دەگەیەنێت)، ئە گەر ئێوە باوەڕتان بە خواو بە ڕۆژی قیامە ت هەیە، (ڕەفتارکردنتان) بەو شێوە یە چاکترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری کێشەکانتان .

هەروەها فە رموویەتی: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾[النساء: ٦٥]

واتا : سوێند بە پەروەردگارت ئە وانەی (لافی بڕوا لێدە دەن) بڕوا ناهێنن هە تا لە هەموو کێشە یەکدا کە ڕوودەدا لە نێوانیاندا تۆ نە کەن بە دادوەرو گوێڕایە ڵی تۆ نە کەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دە روونیاندا هیچ ناڕە زاییەک دروست ببێت بە رامبەر ئە وەی کە داوەریت لە سەر کردووە و دە بێت بەتەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن.

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی: ﴿ أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنْ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ [ المائدة : ٥٠ ] واتا : ئایا ئە وانە

حوكم و فه رمانڕەوایی جاهیلیەت و نه فامیان دەوێت و ئه ویان لاپەسەندە؟! (ئاخر بۆ بیرناکه نەوە) کێ هه یه بەقەدەر خوا حوکمی جوان و چاک و به جێ بێت، (بەتایبەت) لای ئه و کەسانەی کە بەوردیی سه رنج ده دەن و ویژدان و هه ستی زیندوویان هەیە .

بۆیه هەر حوکمێك پێچەوانەی ئەحکامەکانی شەریعەتی خوای گەورە بێت، به حوکمی نه فامی و جاهیلی دادە نرێت، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ ﴾ [ التين : ٨ ] واتا : ئایا خوا چاکترین فه رمانڕەوا نیه ؟ دادپه روەرترین فەرمانڕەوا نیه؟ هەروەها فەرموویەتی: ﴿ إِنْ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾[ يوسف : ٤٠]
واتا : بەڕاستی حوکم و فه رمانڕەوایی جگه له خوا شایستەی کەسی تر نی یه ، فه رمانیشی داوه جگه لە خۆی که سی تر نەپەرستن، هەر ئەوەش ئایین و به رنامەی پەسەند و ڕاست و دروست و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانه نازانن و لێی بێ ئاگان .

لەڕوانگەی ئه م ئایه ته پیرۆزانەوە بۆمان ڕوون دە بێتەوە ڕەفزکردنی حوکم بردن وڕه فزکردنی گه ڕانەوه بۆ لای خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ( صلی الله علیه وسلم ) وشەریعەته

پیرۆزەکەی لە چارەسەکردنی کێشە و ناکۆکیە کاندا، یان دانەدوای حوکمەکانیان، یان باوەڕت وا بێت کە حوکمی غەیری خوا وپێغەمبەر لە ئەحکامەکانی ئەوان باشترن یان وا بزانیت کە حوکمەکانی شە ریعەتی ئیسلام بۆ ئە م چەرخ و سە ردەمە ناگونجێت، ئەوە بێگومان بێباوەڕیە و دەرچوونە لە ئوممەتی ئیسلام .

شێخ عبدالعزیز بن بازیش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : ئەو حوکمانەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا کردوونی بە شەریعەت بۆ بە ندەکانی، یان لە سەر زمانی پێغەمبەرە ئەمینەکەیەوە ( صلی الله علیه وسلم ) بڕیاری لەسەر دراوە، وەك حوکمەکانی میرات و پێنج نوێژەکە و زەکات و ڕۆژوو و هاوشێوە کانی تری ئە م حوکمانە، کە خوای گەورە ڕوونی کردونە تەوە بۆ بە ندەکانی و تە واوی ئوممە تی ئیسلام کۆدەنگن لەسەری، بۆ هیچ کە سێك دروست نییە کە ڕەخنەیان لێ بگرێت یان بیانگۆڕێت، چونکە شەریعەتێکی دامە زاروو نەگۆڕە بۆ تە واوی ئوممە تی ئیسلام لە سەردەمی پێغە مبەری خوداوە ( صلی الله علیه وسلم ) هەتا ڕۆژی دوایی، یەکێك لە نمونەی ئەو حوکمانەیش فەزڵدانی نێرینە بەسەر مێینەدا، یان کوڕەزاکان، یان برای باوك ودایکی، یان برای باوکی، ( هەموو ئەمانەیش لە ڕواڵەتدا وا دە بیرنێت کە شەریعەتی ئیسلام

فەزلیێ کوڕی داوە بەسەر کچاندا، چونکە بە تێرامان و وورد بوونەوە لە حیکمەتی ئەو حوکمانە دەردەکەوێت شەریعەتی ئیسلام زۆر زۆریش ڕە چاوی باروگوزەرانی کچانی کردووە ) چونکە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ڕوونی کردوونە تەوە و ئومەتی ئیسلامیش کۆدەنگن بوون لەسەری، لەبەر ئەوە واجبە کاربکرێت بەو دەقانە و ئەوەش هەڵقولاوی ناخ و دڵ ودە رون باوەڕ بێت، هەرکەسێکیش وا گومان ببات حوکمی غە یری خوا بۆ ئەم سەردەمە باشتر و شیاوترە ئەوە بێگومان بێباوەڕ بووە، وە هەرکەسێکیش ئە وە بە جائز بزانێت کە بە غەیری حوکمەکانی خوا وپێغەمبەرەکەی حوکم بکرێت بێگومان ئەویش بێباوەڕە، چونکە خۆی لەخۆیدا وەها کارێك مانای ئە وەیە تۆ رەخنە لە حوکمەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ( صلی اللە علیە وسلم ) وکۆدەنگی ئوممەتی ئیسلام دەگریت، لە بەر ئەوە واجبە لەسەر دەسەڵاتدار و وەلی ئەمری موسڵمانان داوای تەوبە لەو کەسانە بکات، وە ئەگەر نا دە بێت وەك کەسێکی پاشگەز بووە وە لە ئیسلام بکوژرێن، ئە ویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ):« من بدل دینه فاقتلوه » واتا : هەرکەسێك ئا ینەکەی گۆڕی و پاشگە ز بوویەوە لە ئیسلام بیکوژن، لە خوای گە ورە داواکارین کە سەرجەم هەمووومان بپارێزێت لە فیتنە و گومڕایی و موخالەفە

کردنی شەرعی ئیسلام پاك وبێگەرد . [ مجموع فتاوى ابن باز (٤/٤١٥) ] .

خوای گەورەش لەهەمووان زاناترە.